# لە هونەردا.. گەوهەرناسی

**گوتراوە، تا های نەکەی، کەس نازانێ پیاز فرۆشی، یان گەوهەر فرۆش. کوردیش گوتوویەتی «قەدری زێڕ، لای زێڕنگرە.» بۆ ئێرەش من دەڵێم:» قەدری گەوهەری هونەر لە لای هونەرناسە». لەم رووەوە گەلانی ئەورووپا خاوەن میرات و نەریتێکی زۆر گەشە کردووی شارستانین. نابینی تابلۆیەکی وەك (مۆنالیزا) کراوەتە ئەفسانەی هونەری نیگار و گەشتیاران لە بنی دنیاوە بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر پەلکێش دەکات. گۆڕنیکای پیکاسۆش تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکانی پێ رازاوەتەوە. بە کورتی، ئەو گەلانەی هونەرناسن، لە رێی هونەرەوە، سەرمایە و سامانێکی گەورەی دارایی و واتاییان بۆ خۆیان گرد کردووەتەوە.**

**تاریق کارێزی**



با بزانین ئێمەی کورد لە کوێی نەخشەی گەوهەرستانی هونەرداین و تا چەند لە هونەری شێوەکاریدا گەوهەرناسین؟

وەك زەمینەسازییەك بۆ پەی بردن بە کرۆکی وڵامی ئەم جووتە پرسیارە، من لەوە باشتر بەدی ناکەم کە باسی چەند نموونەیەك بکەم، تێیدا روون دەبێتەوە ئێمە تا چەند لە دنیای هونەرناسیدا شارەزاین.

بە لای کەمەوە ٢٠ ساڵ بەر لە ئێستا، لە ساڵانی کۆتایی سەدەی رابردوو بوو، هێشتا کوردستان فرۆکەخانەی لێ نەبوو. گەورە شێوەکارێکی کورد لە ئەڵمانیاوە، لە رێی تورکیاوە بۆ باشووری کوردستان هات. رەزا تۆپاڵ هۆلمانی،کە بە بنەچە خەڵکی دەرسیمە لە باکووری کوردستانە و هاتبوو کە شەش هەزار تابلۆی خۆی پێشکەش بە کوردستان بکات. چەند مۆزەخانەیەکی هونەر لە ئەڵمانیا، کەتەلۆکی تایبەت بە ژیان و تابلۆکانی ئەو هونەرمەندە کوردیان چاپ و بڵاو کرد بووەوە. بەشێکی زۆری ئەو کەتەلۆکانە لە لایەن شۆڤینیستانی تورکەوە کۆ کرابوونەوە و سووتێندرا بوون. رەزا هۆلمانی دەیویست سامانی هونەرەکەی لە کوردستان بێت، ئەو نەی دەویست ئەو سامانە لە پاش مەرگی بۆ ئەڵمانیا بە میرات بمێنێتەوە. لەو کاتەدا من سێ وتارم لە بارەی ئامانجی هاتنەکەیەوە نووسی. ئەلهەق، وەزارەتی رۆشنبیری میوانداریيان کرد، بەڵام ئەوەندە بەس نەبوو. دوای ١٠ ساڵ جارێکی دیکە لە رێی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، یاداشتێکم نووسی بەڵکوو هەوڵێك بدرێت بۆ هێنانەوەی ئەو سامانە گەورەیە. من هاوارم کرد، کەسیش بە دەنگمەوە نەهات، لەوەش زیاتر لە توانای بەندەدا نەبوو. ئەوکات رەزا هۆلمانی کە هاتە کوردستان، تەمەنی لە ٦٠ ساڵ زیاتر بوو، ئیدی نازانم ئێستا ماوە یان نا؟ بەڵام دەزانم، ئەو گەنجینە گەورەیەی کە مۆزەخانەیەکی پڕ دەکردەوە، تا ئەم کاتە بە نسیبی ئێمە نەبووە، لەبەر ئەوەی گەوهەرناسی بوارەکە نین.

لە ساڵانی ئابڵووقەی ئابووریدا، نەبوونی و نەداری بە جارێ تەنگی بە ژیانی خەڵك هەڵچنی بوو، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، بەهرەیەکی زۆر گەش (ئەمیر رواندزی) پەیدا بوو، دەتگوت ئەو گەنجە بۆ هونەری









نیگار لە دایك بووە، بە پیشانگایەکی هێڵکاری بناری لای باشوور و رۆژاوای قەڵای هەولێری یەك پارچە بە بەرهەمەکانی داپۆشی، قەڵەم لە ئاست گەورەیی ئەو بەهرەیەدا ئەوق دەیبردەوە. دوو وتارم لە بارەیەوە نووسی، نازناوی «میری هێڵکاری»م لێ نا، لە باری بەراوردەوە بەر لە نزیکەی ٢٢ ساڵ گوتم «هێڵکارییەکانی ئەمیر هیچیان لە هێڵکارییەکانی گەورە نیگارکێشی عێراق (فایەق حەسەن) کەمتر نییە، مامۆستایەکی ئەمیر کە هونەرمەندێکی دیاری شاریشە، بەم قسەیەم سەغڵەت بوو، گوتی: «تۆ کفری هونەرت کردووە»، من ئەو بە دەنگ هاتنەی ئەوم پێ خۆش بوو، داواشم لێ کرد، بە بڵاوکردنەوەی نووسینێك، کفری هونەرەکەم روون بکاتەوە، بەڵام ئەو زاتی نەکرد، بۆیە لێرەدا ئاشکراتر دەیڵێم، بە راستی هێڵکارییەکان ئەمیر رواندزی زۆر لە هی فایەق حەسەن بەهێزترن. بۆیەش ئەو قسەیەم کاتی خۆی نەکرد، گوتم نەبادا ئەو گەنجە عاشق بە هونەرە غروور بیگرێت. قسەکەشم بێ بنەما نییە، چونکە من هێڵکاریی هەردووکیانم بینیوە.

ئەمیر لەبەر ژیان سەری خۆی هەڵگرت و بەرەو هەندەران کۆچی کرد، لە کاتی سنووردارشکردنەوەی ٤٠ کەسدا، پۆلیسی یۆنان تێبینی دەکات کە نیگارکێشێك لە نێو ئەو چل کەسەدایە، بە بریاری بەرپرسانی باڵای وڵاتەکە ئەمیری نیگارکێش بەرەو تورکیا سنوورداش نەکردەوە، ئێستا ئەو لە وڵاتی گریکدا هونەرمەندێکی ناسراوە.

بەم دوو نموونەیە بەسی لێ دەکەم، کە نیشانی دەدات، ئێمە تا چەند لە هونەردا گەوهەرناسین. رەنگە ئەو ئاماژەیەش پێویست بێت، لە چارەکە سەدەی رابردوودا چەندین هونەرمەندی گەورە و بە ئەزموونی کوردستان (عەزیز سەلیم، بەدیع باباجان، ئازاد شەوقی، محەمەد عارف سیامەنسووری و هی دیکەش) کۆچی دواییان کرد، کەچی بەرهەمی هونەرییان بزر و نادیارە. بەرهەمی هونەری دەبێ وەك سامان و سەرمایەی نەتەوەیی لێی برواندرێت و کار بۆ پاراستنی بکرێت، زۆر پێویستە بەشێکی تایبەت لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا هەبێت، کە ئەرکی پاراستن و ئەرشیفکردنی کولتووری هونەری شێوەکاریمان بگرێتە ئەستۆ.



# تۆبا:
# عاصی شوێن و پێگەیەکی تایبەتی هەیە

تۆبا بۆبۆکستۆن کە لەلایەن جەماوەرەوە بە لەمیس ناسراوە، یەکێکە لەو ئەستێرانەی تورکیا کە بە فیلم و زنجیرە دراماکانی لە تورکیا و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێناوە، ئێستا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە کە بووەتە هۆی ئەوەی لە رووی جەماوەرییەوە لە سەرووی ئەستێرەکانی تورکیاوە بێت، هاوکات لە هەندێك وڵاتی عەرەبی لەلایەن جەماوەرەوە زیاتر لە ئەکتەر و ئەستێرەکانی ئەو وڵاتانە ناسراوە.

لەمیس دووپاتیکردەوە کە زنجیرەی «عاصی» لە ژیانی تایبەتی ئەودا شوێن و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و لە دڵەوە خۆشەویستیی بۆ ئەو کارە هەیە، چونکە زیاتر لە هەموو کارەکانی دیکەی شانازیی پێوە دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێ: لە ژیاندا زۆر کار ئەنجام دەدەین کە بە موڵکی خۆمانی دەزانین و شوێنێکی تایبەتییان هەیە، تەنانەت بە بەشێکی ژیانی خۆمانی دەزانین و ناتوانین دەستبەرداری بین، بۆیە من ئێستا زۆر خۆشحاڵم و خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەم شتەم لە ژیاندا هەیە، ئەویش زنجیرە درامای «عاصی»یە و تا ماوم لەیادی ناکەم، من پێشتر چەندین کاری هونەریم ئەنجامدابوو، هەر هەموویشیان جەماوەری تایبەتی خۆیان هەبوو، بەڵام پێموایە ئەم زنجیرەیە بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر بناسرێم و جەماوەری زیاتر بۆ خۆم پەیدا بکەم، چونکە جەماوەری ئەم زنجیرەیە لە زۆر وڵاتان هەبوون و تایبەت نەبوو بە تەمەنێك، یان چینێکی دیاریکراو، بەڵکو لە هەموو تەمەنەکان سەیری دراماکەیان دەکرد، بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکان.



# پالترۆ حەز لە رووب

گوینس پالترۆ یەکێکە لە ئەستێرە شۆخ و شەنگ و سەرنجڕاکێشەکانی هۆڵیوود، بۆ سەلماندنی ئەوەی لە ناو جوانەکانی هۆڵیۆد رووبەڕووی پێنج لە جوانترین ئافرەتەکانی مێژووی هۆڵیۆد دەوەستێتەوە، ئەوانیش (ئۆدری هیبۆرن، مادۆنا، فەرح فاوست، و بریجێت باردۆن) لەو چوارچێویەشدا سەرقاڵی هەڵمەتێکی بازرگانییە بەناوی (Max Factors) و بڕیارە بەم زووانە ئەنجام بدرێت.

لە مانگی نۆڤەمبەری رابردووەوە دەست بە وێنەگرتنی ئەم هەڵمەتە کراوە و پێویستە پالترۆ هەوڵی کۆپیکردنی دەرکەوتنی دە لە جوانترین و رێکترین ئافرەتەکانی سەدەی رابردوو بدات، هەروەها یەکێك لە ئافرەتەکان هەڵدەبژێردرێت بۆ رێکترین ئافرەتی دەیەیەك کە تیایدا ئەم پێنج ئەستێرانە هەڵبژێردراون.

پالترۆ لە ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەستهێنا لە فیلمی (شکسپیر لە



## دۆمینیک تورە دەبێت

چەند ساڵێکە رێك لەو کاتەوەی کە کچە گۆرانیبێژی لوبنانی (دۆمینیك حۆرانی) هاتووەتە نێو بواری هونەر و گۆرانیوتنەوە، بەردەوام رووبەڕووی رەخنەی جیاجیا دەبێتەوە، رەخنەکانیش لە زۆر رووەوە ئاراستەی دەکرێن، وەك (دەنگی ناخۆش و ناهونەرمەند و وروژێنەر و ...)، بەڵام زۆرترین رەخنە کە ئاراستەی کراوە، دەربارەی وروژاندن و خۆڕووتکردنەوەیە، کە دۆمینیك هەمیشە بێدەنگ بووە، ئەگەر وەڵامیشی دابێتەوە، بەشێوەیەکی هێمن و بێ تووڕەبوون و ناوهێنانی هیچ کەسێك بووە. بەڵام پێدەچی نەتوانێت چیتر بەرگەی ئەو کۆمێنت و رەخنانە بگرێت کە لەکاتی دانانی هەر وێنەیەك، یان ڤیدیۆیەکی نوێی خۆی ئاراستەی دەکرێن، زۆریشیان پێیانوایە دۆمینیك زیاد لە پێویست جورئەت نیشان دەدات و خۆی رووت دەکاتەوە، کە زۆر جار پێویست ناکات هونەرمەند بگاتە ئەو ئاستە، دۆمینیك بڕیاریدا ئەم جارەیان زۆر بە توندی وەڵامی ئەم رەخنە و کۆمێنتانە بداتەوە کە ئاراستەی دەکرێن، بۆیە بە نامەیەکی زۆر توند وەڵامی ئەو کەسانەی دایەوە و دەڵێ: وێنەکانم پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی کە گرێی دەروونییان هەیە و، بەشێوەیەکی دوور لە ئەتەکێت رەخنەیان لە من گرتبوو، من ئامۆژگاریی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە دەیانەوێ لە رێگای باسکردنی خەڵکانی دیکەوە بەناوبانگ بن و خەڵك بیانناسێت، هەروەها ئامۆژگاریی هەموو ئەو کچانە دەکەم کە غیرە لە من دەکەن، پێیان دەڵێم: بڕۆن خۆتان رێکبخەنەوە و کارێکی سەرکەوتوو بۆخۆتان بدۆزنەوە کە ئێوە دەربخات و ناوبانگی پێ دەرکەن.

ئەم وەڵامدانەوە توندەی دۆمینیك مایەی سەرسوڕمانی کەسە نزیکەکانی خۆیشی بوو، چونکە دۆمینیك بەوە ناسراوە کە پڕوپاگەندە و ئەو جۆرە قسانە کاریگەریی تێناکەن و هیچ کاتێك وەڵامیان ناداتەوە، بەڵام پێدەچێت ئەم کۆمێنتە، لای دۆمینیك زۆر توند بووبێت.

## ـــــەڕوو بوونەوە دەکات

خۆشەویستی) و ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی گۆڵدن کلۆبی بەدەستهێنا، بەم دواییە دوای ١٠ ساڵ ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کریس مارتنی گۆرانیبێژی بەریتانی کە هاوسەری بوو، جیابوونەوە، هەرچەندە ناکۆکیی زۆریان لە نێواندا نەبوو، بەڵام چاودێران دەڵێن بەشداریکردنی پالترۆ لەم پێشبڕکێ و رووبەڕووبوونەوەیەدا دەبێتە هۆکارێك بۆ دوور کەوتنەوەی لە کاریگەرییەکانی جیابوونەوەیان، بۆیە زۆر بە گەرمییەوە باس لەو پێشبڕکێیە دەکات و خۆی بۆ ئامادە کردووە، ئەگەرچی شێوە و روخساری لە هیچ یەکێك لەو ئەستێرانە ناچێت و زۆریش جیاوازە لێیان، تەنانەت هەندێك لە کەسە نزیکەکانی دەڵێن ئامادەیە هەر کارێك بکات، تەنیا بۆ ئەوەی لەو بارودۆخە دەروونییە رزگاری بێت و دوای جیابوونەوەیان جارێکی دیکە سەرنجی جەماوەر بۆ خۆی رابکێشێت و خۆی وا نیشان بدات کە هیچ کاریگەریی بەسەرەوە نییە.

## مەلیس بەرچەم:

# هەستێکی ناخۆشە کە نەمتوانیوە فێری زمانی دایکم ببم

**باکووری کوردستان هەمیشە مەڵبەندی پێگەیاندنی هونەرمەندان بووە لە هەردوو رەگەز، ئەمەش سەرەڕای ئەو کۆت و بەندانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەریان هەبوو، بەڵام بەردەوام هونەرمەندانی باکوور لە بچووکترین دەرفەتیشدا بێت، توانیویانە بەهرەکانی خۆیان دەرخەن و خزمەت بە کەلتوور و هونەری کوردی بکەن، خانمە گۆرانیبێژی کوردی (مەلیس بەرچەم دەمیریش) یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە بۆ دروستکردنی بەڵگەفیلمێك بانگهێشت کراو سەردانی باشووری کوردستانی کرد، هەرچەندە مەلیس خەڵکی ئامەدی باکووری کوردستانە و تاوەکو ئێستا نازانێت بە کوردی قسە بکات، بەڵام تەنیا دەتوانێت بە کوردی گۆرانی بڵێت، ئەو ئەمە بۆ قەدەخەکردنی زمانی کوردی لە ساڵانی نەودەکان دەگەڕێنێتەوە.**



سەرەتا مەلیس تیشکی خستە سەر گرنگیی وتنی گۆرانی بە زمانی کوردی، بۆ ئەو مەبەستەش وتی: «ئێمەی نەوەی ساڵانی نەوەدەکان نەمانتوانی فێری زمانی کوردی بین، ئەو کات گوشاری زۆرمان لەسەر بوو، هیچ قسەمان بە زمانی کوردی نەدەکرد، چونکە قەدەخە بوو، بەداخەوە نەمانتوانی فێر بین و بەناچاری من بە زمانی تورکی قسە دەکەم، ئەگەر کوردیم بزانیبایە، بێگومان هەمیشە لە هەموو شوێنێك بە کوردی قسەم دەکرد، بە راستی کەمتەرخەمییەکی زۆرە لەمندا کە نەمتوانیوە فێری زمانی دایکم ببم، بەڵام بە جددی هەوڵدەدەم فێری زمانی کوردی بم. کێشەی گەورە بۆ من ئەوەیە کە تەنیا گۆرانی بە زمانی کوردی دەڵێم، ئەوەش پەیوەندی بە منەوە نییە، من لە ساڵی ١٩٩٢ لە دایکبووم، ئەو کات زمانی کوردی قەدەخە بووە، بەڵام ئێستا گۆڕانکاری بەسەر هاتووە و پێموایە

دەنگە بۆ من، بەڵام بە دڵنیاییەوە من دەمەوێت فێری زمانی کوردی بم، چونکە ئەوە زمانی دایکی منە و ئەگەر بە کوردی قسە بکەم، کارەکانم باشتر دەگەن».

سەبارەت بە گرنگترین شت کە لە کوردستان سەرنجی راکێشابێت، دەڵێ: «گەرموگوڕیی خەڵکی ئێرە زۆر سەرنجی راکێشاوم، هەرکەسێکم دەبینی، دەیویست هاوکاریم بکات، بێ ئەوەی من بناسن، بەتایبەتی لەکاتی وێنەگرتنی بەڵگەفیلمەکە، هەموو خەڵك دەهاتن، دەیانگوت ئێمە چۆن خزمەتتان بکەین، ئەمەش زۆر شادی کردم».

مەلیس تیشك دەخاتە سەر گرنگیی مەقام بۆ هونەری کوردی و دەڵێت: «لاوك گوتن دەنگێکی بەرز و تۆنێکی تایبەتی دەوێت بۆ ئەوەی بەشێوازێکی باش لاوك بڵێت، من تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە لاوك بڵێم، چونکە بۆ کارکردن لە بواری لاوکدا دەبێت زۆر شارەزای زمانی کوردی بێت و تۆنی دەنگت زۆر بەرز بێت، ئەمەش بۆ من زەحمەتە».

سەبارەت بە ئاستی هونەری لە باکووری کوردستان دەڵێ: «بەداخەوە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، ئەم و ساڵانێکی دوورو درێژە بەهۆی ئەو سیاسەتەی هەیە، گۆرانی بە زمانی کوردی قەدەخە دەکرێت، دەمەوێت ئەمەش بڵێم، کە گۆرانی هەر بەتەنیا بە زمانی کوردی قەدەخە نەکرابوو، بەڵکو بە چەندین زمانی دیکە لە تورکیا گۆرانی قەدەخەکرابوون، بەڵام ئێستا کەمێك گۆڕانکاری دروستبووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئێمەش دروستکردووە، ئەم کێشەیە فێری کردین کە ئەمە شتیکی هەڵەیە، پێویستە من بتوانم بە هەموو زمانێك گۆرانی بڵێم، چونکە ئێستا سەردەمی میوزیك و گۆرانیی جیهانگیرییە، بۆچی سنووردارکردنێکی وەها هەبێت، پێویست ناکات گۆرانی بە زمانەکانی دیکە قەدەخە بێت، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا رەوشەکە باشترە بووە و ئێستا بەشێوەیەکی ئازادانە دەتوانین گۆرانی کوردی بڵێین».

مەلیس کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری میوزیکی میللیدا لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر باس لە ماستەرەکەم بکەم، دوای ئەوەی زانکۆم تەواوکرد، یەکسەر دەستم بە خوێندنی ماستەرکرد، بەڵام هێشتا بەوە نەوەستام و چەندین کۆرس و خولی دیکەی میوزیکیم وەرگرتووە، دواتر دوو بەشی گرنگ هەبوون، کە ئەویش میوزیکلۆژیا و هونەری میللی بووە، کە هونەری میللی لە تورکیا زۆر فراوان بوو، بەڵام من ئەم بەشەم خوێند، من ئەگەر هەر لە دیاربەکر بوومایە و نەچووبامە ئیستەنبووڵ، ئێستا خاوەنی ئەم ماستەرو شارەزاییە لە بواری میوزیك نەبووم، چونکە لە ئیستەنبووڵ هەلی کارکردن و خۆپێگەیاندن هەیە و من توانیم سوود لەم هەلانە وەربگرم، هەڵبەتە هونەری میللی تورکیا زۆر دەوڵەمەندە، کە دەکرێتە چەند بەشێك، بەڵام من توانیم، لەسەر بەستەکانی کار بکەم و بخوێنم. من زۆر لە مێژە ئامێری ساز دەژەنم، دواتریش ئامێری پیانۆ کە لە کۆنسەرفاتوا فێری بووم، ئەویش زۆر هاوکاریم دەکات بۆ گۆرانی گوتن، بەڵام زیاتر ئامێری ساز لە دڵی من نزیکترە و حەز بە ژەنینی ئامێری ساز دەکەم».

مەلیس سەبارەت بە سینەما دەڵێ: «من سەرسامی سینەمام، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زۆر حەزم لە سەمایە، خۆم چوومەتە چەند کۆرسێکی فێربوونی سەما، حەزم لە سەمای یۆنانییە، جگە لەوەش من زۆر بەرودی لە بواری ئەدەبدا دەخوێنمەوە، چونکە پێموایە ئەوە بناخەی دروستبوونی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بناخەیەکی پتەوی هەبێت پێیەستە هونەرمەند گرنگی بە هەموو بوارەکانی ژیان بدات».

دەربارەی خوێندن لە بواری موزیك دەڵێ: «بەڵێ یەکجار گرنگە گۆرانیبێژ ئەکادیمی بێت و شارەزای میوزیك بێت، چونکە ئەگەر گۆرانیبێژ بناخەیەکی پتەوی هونەریی میوزیك و مەقاماتی هەبێت، ئەوە کارەکانی جوانتر و زووتر دەگەن، ئەگەر هونەرمەند لە مەقامات و نۆتەدا شارەزا بێت، دەتوانێت مەودای کارەکانی بەرز بکاتەوە، بەڵام ئەگەر هیچ لەبارەی مەقام و میوزیك نەزانێت، ئەوە هەموو کارەکانی دووبارە و سنووردار دەبێت.

